# کوردو تێوە گلان بە جەنگی عێراق ئێرانەوە-بەشی یەکەم

عەلی مەحموود محەمەد

بەهۆی جەنگی ئێران - عێراقەوە دەرفەت رەخسا بۆ حکومەتی عێراقی پەلاماری دڕندانەی کوردستان بدات, بە بەهانەی تێوە گلانی بە جەنگەوەی پارتی, یەکێتی, حسك, بزووتنەوەی ئیسلامی, حیزبواڵلە بەهەردوو باڵەکەیەوە, بە هێنانی پاسدار بۆ ناوەوەی باشووری کوردستان, لە ئێرانیش جەنگەکە رێگای بۆ سەرکوتی گەلانی ئێران و ئۆپۆزسیۆن خۆشتر کرد.

ئەم هێزانە جەنگەکەیان بە نیعمەت دەزانی و دروشمیان گەرمکردن و درێژەدان بە جەنگ بوو, نەبووە هێزێکی سیاسی پشتیوانی لە جەنگ بکات کە روباری خوێنی لە بەر دەڕۆیی, لێ ئەمان نزاو تکایان درێژەدان بە جەنگ و هەڵسانی لافاوی خوێن بوو.

هەموو جەنگێکیش ئەنجامەکەی کۆتاییە, کە جەنگی ئێران-عێراق کۆتایی هات, بەهۆی تێوە گلانیان بە جەنگەکەوە, کوردستانێکی ویچرانکراوو تەعریبکراو, گەلێکی قڕکراوو زیندانیکراو لە ئۆردوگاکان, بزووتنەوەیەکی چەکداری هەرەسهاتوو مایەوە.

فەجری دوو راهێنان بۆ جینۆسایدی کورد

ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو واتا ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران بووە سەرمەشقی جەنگە هاوبەشەکان, رۆڵی راهێنان و ئەزموونی گێڕا بۆ ئەو جۆرە تەرزە لە چاوساغی و جەنگی هاوبەش, چ بۆ شەڕی هاوبەشی ئەم لایەنانە لە گەڵ ئێران, وە کاردانەوەی عێراق لە هەمبەر جەنگە هاوبەشەکان و دەست نەپاراستن لە خەڵك لە بەرامبەری, کە بە دوایدا کوشتاری بارزانییەکان لە لایەن بەعسەوە هات, کە رۆڵی راهێنان بینی بۆ کۆمەڵکوژی خەڵکی کوردستان لە ئەنفال و هەڵەبجە و روخاندنی لادێکان و سڕینەوەی شوێنەواری ژیان لە دەرەوەی شارەکان.

له كۆدا ئەم لایەنانەی ئاماژەمان بە ناوەكانیان دا, ژمارەیەك شەڕی هاوبەشیان كرد شان بە شانی سوپای پاسداران هەمووی ماڵوێرانی بوو بۆ خەڵك, ناسراوترینیان ئۆپەراسیۆنەكانی فەجری 2, كەربەلا 10, فەتحی 5, نصر 4 , نەسری 5, نصر 7, نصر 8, بیت المقدس 2 , بیت المقدس 4 و فەجری 4, والفجر10, زەفەری 7, ...... بوو.

رێكەوتنی پارتی دیموكراتی كوردستان-پدك لە گەڵ ئێران بۆ ئەنجامدانی كاری سەربازی هاوبەش لەناو جوگرافیای عیراقدا لە ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو, یەكەمین داهێنان و رێكەوتنی پارتێكی كوردی باشوور بوو لە گەڵ ئێران بۆ شەڕی هاوبەش, داهێنانی بەهانە بەدەستەوەدان بوو بۆ جینۆسایدكردنی گەلەكەمان لە لایەن بەعسی فاشیستەوە.

فەجری دوو كەی؟

فەجری دوو بە پێی عێراق لە 22-07-1983, وە بە پێی ئێرانییەكان لە 20-7-1983 ئەنجامدرا, جیاوازییەكەش لەوەدایەو لە دوا چركەكانی شەوی 20ی مانگەوە هێزەكانی ئێران و پارتی دزەیان كردە پشت هێزەكانی عێراقەوە, لە چركەكەكانی یەكەمی 22ی مانگ جەنگ دەستی پێكرد.

كاتی ئۆپەراسیۆنەكە پاش شەڕی قەرناقاو پشت ئاشان و دەركردنی لایەنەكانی بەرەی جود"پارتی,شیوعی,حسیك,پاسۆك" لە ناوچەكانی كەركوك و گەرمیان و زۆرینەی ناوچەكانی سلێمانی و هەولێر, هاوكاری لۆجیستیكی حكومەتی عێراقی هات.

دوای 2 ساڵ لە فەجری دوو, ینك و سۆسیالست و حزب و اللە و بزووتنەوەی ئیسلامیش هاتنە ناو هەمان گەمەوە, بەم تەرزە پەیماننامەیە یارییان بە چارەنووسی كوردەوە كرد, كوردیان كردە شەریكە دۆڕانی كۆماری ئیسلامی ئێران لە جەنگی كۆنەپەرستانەی ئێران -عێراق, دوای قوناغەكانی ئەنفال و كیمیابارانەكان لە 6ی ئەیلولی 1988 دا دەست بە تاڵ و دۆڕاو لێی دەرچوون, ئەوەی بۆیان مایەوە مانگانە تمەنێك و

بارەگایەك لە سونێ و قاسمە رەش و زێوەو كارتی گەڕان بۆ شارەكانی ئێران بوو.

ئەوان بەم جەنگە هاوبەشانەیان نزیك 10%ی هاوڵاتیانی كوردستان و 2451 لادێیان بە جینۆسایدكردن و وێرانكردن دا, دەریاچەیەك خوێن و جیهانێك وێرانكارییان دورییەوە لەو شەڕە هاوبەشانە, هاوكات بزاڤی چەكداری كوردیان وەك بزاڤێكی كرێ گرتە بە جیهان ناساند.

بە هێنانی سوپای ئێران لە 29-7-1996 بۆسەر كۆیەو هێنانەوەی سوپای عێراق لە 31ی ئاب و 16ی ئۆكتۆبەر و چاوساغی بۆ سوپای توركیا, سەلماندیانەوە هەمان تاكتیك تێكەڵ بە خوێنیان بووەو بۆتە ستراتیژی كاریان و بەردەوامی هەیەو لە داهاتووشدا بەردەوام دەبێت, بەردەوام گەلی كورد لە هەڵدێرو ماڵوێرانییەكەوە بۆ یەكی دی دەبەن.

ئەمەریكا كۆدی جیهازەكانیانی لابوو؟؟؟

لە كاتێكدا راگەیاندەكانی جیهان غەرقی هەواڵی دەریای خوینی جەنگی ئێران-عێراق ببوون, رێگا گرتن لە پەرەسەندنی پان ئیسلامیزمی كۆماری ئیسلامی شەرق و غەربی یەكخستبوو, كۆمەلكوژی كوردان ببوە جەنگێكی لەبیركراو, بە بەرچاوی كەشتیە ئاسمانیەكانەوە, كە دەرزی لەسەر زەوی دەبینن و كۆنترۆڵی هەموو جیهازەكانی سەربازی و سیخوڕییان كردبوو, لەو ساتەی كوردستان خاپورو خەڵكەكەشی قەسابی دەكران رۆژانە تەنها لە ئۆپەراسیۆنی ئەنفالدا 924 كەس كۆمەڵكوژ دەكرا, لەناو ئەو دەریای خوێنەدا كەس گوێبیستی نوزەی ئەم قڕكردن و كاولكارییە گشتگیرە نابوو, كۆمەڵكوژی كورد ببووە هۆلۆكۆستی نوێ, بێ هەواڵ ئەنجام دەدرا, ئەمجارە كراینە قوربانی سەرانی پدك وینك و سۆسیالست و بزووتنەوەی ئیسلامی و حیزبواڵلەكان, چونكە گلاندمانیانە جەنگێكی پیسی دۆڕاوەوە, كەچی دوای راپەڕین لە بڕی سزادانیان خودی قوربانیانیش لە ریزە دورو درێژەكان وەستان تا دەنگیان پێبدەنەوە, تەسكیەیانیان كردنەوە, كەوتنەوە لێستنەوەی ئەو چەقۆیەی سەریانی لە جەستەیان جیا كردبوەوە.

ئێران و عیراق له پاڵ وڵاتانی زلهێز لەو وڵاتانه بون کۆدی کریبتۆی سویسریان بەکار دەهێنا له پەیوەندییه نهێنییه ناوخۆییەکانیان, که له لایەن سیای ئەمەریکیەوە کۆدەکه دەشکێنرا, وەك لەو ئابڕوچونەی سەرەتا 2020 له کەناڵەکانی ڕاگەیاندنی سویسرا ئاشکرا کرا, بۆیه هەمووان ئاگاداری تەواوی کوردۆسایدی کورد بوون.

دۆڕاین

ئێمه له هەموو ئەو جەنگانه له هەموو ڕویەکەوە دۆڕاوین, بۆیه دەبێت زیاتر بگەڕێین به دوای ئەو خاڵەدا که تێیدا بووه هۆی دۆڕانمان, دەبێت گومان بخەینه سەر ڕابردوو, به پراتیك و کارەکتەرەکانیەوە, چونکه ڕابردوو به تایبەت ساڵانی بزاڤی چەکداری, مێژوییەکه پڕه له دۆڕان, با ئەو مێژووه بنووسرێنەوە که دۆڕاوەکان دەینووسنەوە نەك براوەکان, چونکه ئەم تۆمەتبارانه دۆڕانی خۆشیان به بردنەوە دەزانن و مێژووی براوەمان پێ نیشان دەدەن, خۆیانیش دەکەن به خاوەندی ڕاپەڕین و کۆڕەو ڕوخانی سەدام.

سەرانی کورد توانای باشی خۆ کوێر و کەڕ و لاڵکردنیان هەیه, کاتێك نۆرەی دۆران و هەڵەو تاوانەکان خۆیان باس دەکرێت, دەبنه نەتەوەییخواز و دادپەروەر و هەزار و یەك پاساو بۆ شکست و دۆڕانەکانیان دەهێننەوە, ئەوان وەك مێگەله مەڕ سەیری گەل دەکەن خۆشیان وەك شوان ڕەفتار دەکەن, هەر کاتێك بیانەوێت بماندەنه دەم گەله گورگەوە, دەبێت ڕازی بین و گورگبونی ئەوانیش ئاشکرا نەکەین. له هەر قۆناغێکدا گورگیەکەیان دڕندەترو پڕ له خیانەتر دەبێت, به دەستاو دەستکردنی فەرمانڕەوایی له لایەن نەوەکانیانەوە یەکجاری بۆنی بۆگەنییان چۆته کەشکەلانی ئاسمان.

یاداوەری درۆینە

ئەمانە لە مێژوو دەترسێن, یاداوەرییەکانیان, پاککراوە لە تاوان و شکستەکانیان, دەیانەوێت لە رێگای کرێگرتەکانیانەوە مێژوییەکی دیمان پێ نیشان بدەن, شەڕە هاوبەشەکانی حاجی ئۆمەران و هەڵەبجە و کەرکوك و .....وەك شەڕی سەرکەوتن و رزگاری وێنا بکەن, نەك کرێگرتەیی و قومارکرن بە چارەنووسی گەل.

هێرشی هاوبەشی پارتی وئێران بۆ ناوچەی حاجی ئۆمەران و گردمەند لەساڵی 1983 دا لای کۆماری ئیسلامی ئێران بە فەجری دوو ناسێنراوە, بە یەکەم نموونەی ئەنجامدانی شەڕی هاوبەشی پارتە کوردییەکان لە گەڵ ئێران دژ بە سوپای عێراق دێتە ژماردن, لێرەوە ئەم تەرزو شێوە هاوکارییە سەربازی سیاسییە, دەبێت بە تەرزو مۆدێلێکی کارو خەباتی بەشێك زۆری لە لایەنە کوردییەکانی دیکەی باشوور و ئیلهامی لێ وەردەگرن " ینك, پارتی, سۆسیالست, حزب اللە, بزووتنەوەی ئیسلامی", پێنج ساڵی پڕ لە دۆران و شکست وماڵوێرانی بەردەوام دەبێت, لە پشت پەرتووکە سورەکان و ئاڵاکانی کوردستانەوە دەست لە گەڵ پاسدار تێکەڵ دەکرا و پرۆژەی شەری هاوبەشیان دادەڕشت, لێرەوە بوونە ویڵی ڕێگای پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران, وایان دەنواند بەخت یاریان بووەو رێوی بەرەو پیرییانەوە چووە, دڵیان بەوە خۆش بوو, ئێران کاری هاوبەشیان لەگەڵ دەکات, چەند دۆشکەیەکیان دەداتێ, دیارە ئەم جۆرە چالاکییە هۆکاری کردنەوەی دەرگایەکیش بوو بۆ سەرانیان تا بگەن بە ئیمتیازات و سەفەرکردن, ئەم شەڕە هاوبەشانەی دوو دەرگایان لێدەبوەوە, دەرگای گەل بۆ جهەنەم , بۆ سەرانی خۆشیان کردنەوەی دەرگایەکی بەختەوەری و ئیمتیازات.

پەند وەرنەگرتن لە هەرەسی ساڵی 1975

ئەمانە بە پشت بەستن بە ئێران دەیانەویست ببنە هێزی یەکەم و چوار مشقی لەسەر باڵادەستی لە کوردستان دابنیشن, ینك وپدك خولیای بوون بە یەکەم هێز بوون لە کوردستان, بەردەوام لەمێشکیان خولی دەخوارد, بۆ گەیشتن

پێی دەست تێکەڵ کردن لە گەڵ شەیتانەکانی کورد ئاسایی بوو بە لایانەوە, پاش ئەوەی چەکیان لە ئێران وەرگرت ئومێدیان باڵای دەکرد, پەندیان لە هەرەسی ساڵی 1975 وەرنەگرت, ئێران بووە قیبلەنامای کاریان, زیاتر وەك داردەستێکی ئێران خۆیان دەنواند نەك هێزێکی کوردستانی, رابردویان دوبارە دەکردەوە" لە یاداشتەکانی موکەرەم تالەبانی وا هاتووە: دوا کوبونەوەی نوێنەری بارزانی لەگەل حکومەتی ناوەندی لە بەهاری 1974 کە منیش تێدا بەشدار بووم، سەروکی شاندی بەعس کە سەدام بوو، بەم شێوەیە دەستی بە قسەکانی خۆی کرد، پێویستە ئێوە ( مەبەستی پارتی بوو) پەیوەندیەکانتان لەگەل ئیران بپچرێنن و سنورەکان بەرامبەر ئیران داخەن. کاك سامی عەبدولرحمانیش کە سەروکی شاندی پارتی بووە بەم شێوەیە وەلامی دایەوە: بارزانی پەیوەندیەکانی خۆی لەگەل ئیران بە پەیوەندیەکانی لەگەل بەغداد ناگۆرێتەوە!! سەدامیش بە سەرسورمانەوە وەلامی دایەوە. ئەگەر ئێوە پەیوەندیتان لەگەل ئیران بە پەیوەندی لەگەل بەغدا ناگورنەوە، چ داوایەکتان لە ئێمە هەیە و بەردەوامی گفتوگۆ چ مانایەکی هەیە! ئێوە لە ئێستاوە خۆتان بە بەشێك لە عیراق نازانن، ئەوەش لە دەرەوەی ناوەرۆکی یاساکانی ئوتۆنومیە. کۆبونەوەکە بەبێ ئەنجام کوتایی هات و شەر لە کوردستان دەستی پێکرد.", ئەوەی پەند لە رابردوو وەرنەگرێت داهاتووشی نییە, بۆیە ئێستا زیاتر کەوتنە باوەشی ئێران و تورکیاوە, ئەوان زیاتر ئێرانی و تورکیاین لەوەی کوردستانی و عێراقی بن.

ژەهرەکەیان پێ نۆش کردین

بە بێ ئەوەی گوێی پێ بدەن بەوەی دەست راکێشانی ولاتێکی وەك ئێران لەو کاتە بە بۆچوونی عێراق و گەلی کوردیشەوە خیانەت کارییە لە گەل بە دوو بۆچوونی جیاوە, لای فاشیەکان کە لە جەنگی مان و نەماندا بوون لە گەڵ ئێراندا, کاری سەربازی هاوبەش گەلی بەرەو چارەنووسێکی ڕەش برد, بەم کارەشیان کەوتنە ناو تەڵەی ئێرانەوە چارەنووسیان تێکەڵ بوو, بە پێچەوانەی شەپۆڵی جیهان سەبارەت بە ئێران, گەلیان لە گەڵ خۆیان بەرەو دۆزەخ برد, کاتێك خومەینی پیاڵە ژەهرکەی نۆش کرد, کوردیش لە پێك لێدانی ژەهردا لە گەڵیدا هاوبەش بوو بە سایەی ئەوانەوە, چونکە

چارەنووسیان پێکەوە گرێ درابوو, لە یادمان نەچێت, دووبارە کردنەوەی ژەهر نۆشی گەلانیشیان پێ خواردینەوە"... زۆربەی جینۆسایدەکان لەکاتی قەیرانەکاندا رودەدەن وەکو جەنگ. هەڵوەشانەوەی دەوڵەت, شۆرش. و ئەنجامدەرانیشی قوربانیەکان تاوانبار دەکەن لەسەر هەڵدانی ئەو قەیرانانەدا. هەروەها حکومەتی وڵاتانی دیکەش ڕەنگە دەستیوەردەن یاخود بێدەنگ بن لەئاست جینۆساید لەوڵاتیکی تردا وەیا پشتگیری لە ئەنجامدەرانی بکەن بەڕاستەوخۆ یان ناڕاستەوخۆ بەپێی ئەوەندەی لە توانایاندا هەبێت."هیڤاڵ هیلان وەرگێڕانی: نەریمان عەلی-ئەم لێکۆڵینەوەیە پێشکەشکراوە بۆ بەدەستهێنانی دیبلۆم لە خوێندنی یاسادا (لەزانکۆی ئۆکلاند نۆڤەمبەر 2000)".

پێش فەجری دووو ئەزموون لە گەڵ ئێران

پێش ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو, پارتی دیموکراتی کوردستان ((عێراق)) زۆر جەنگی هاوبەشی شان بە شانی هێزەکانی کۆماری ئیسلامی ئێران دژ بە پێشمەرگەی کوردستانی خۆرهەلات (بە تایبەت دیموکرات و کۆمەڵە) ئەنجام دابوو, لەگرتنەوەی زۆر دەڤەر و شار و شارۆچکەی وەك شاری شنۆ کە رۆڵی سەرەکی تێدا گێرابوو, نموونەیەکی سەرکەوتووی لە کاری سەربازی -سیاسی هاوبەشی خستبووە سەر سفرەی بۆگەنی کۆماری ئیسلامی ئێران.

لە بەرەی لەناوخۆی رۆژهەلاتی کوردستان, لە مانگەکانی پێش شەڕی حاجی ئۆمەران, شەڕە هاوبەشەکان لە ناوچەی شنۆو مەرگەوەڕ ئەنجامدرابوو, ئەم هاوپەیمانییە بۆیان پەیماننامەی فاوست بوو ( لەو پەیماننامەیە فاوست روحی خۆی بەشەیتان فرۆشت), بەلام فاوستەکانی ئیمە دوایی بوون بەدو و سێ و چوار وپێنج, نەك تەنها ڕوحی خۆیان بەڵکە جەستەی هەموو گەلیان بەشەیتانە ڕیشنە دِرندەکەی ئەودیو سنوور فرۆشت, بەم کارەشیان بوونە دیلی پەیوەندییەکانیان لە گەڵ ئێران, تاکتیکی ماڵویرانکەر سەدان هەزار کەسی کردە قوربانی, پرۆسەکە پێنج دانە ساڵ و مانگێك و پانزە رۆژی خایاند, بەم کارە ناشرینەشیان دۆزی رەوای دژ

به ستەمی نەتەوایەتی کوردیان لە جەنگی کۆنە پەرستانەی عێراق ئێران خنکاندو شەلاڵی خوێنیان کرد, ڕەوایەتی گیانی بزووتنەوەی دژ بە ستەمی نەتەوەییان تیایدا کوشت و ناشرینیان کرد, ئەگەر کەمۆکەیەك پێشتر جوانیان تێدا هێشتبێتەوە, بە پەیوەندییە گوماناویەکانیان و پێش پاسدار کەوتنیان هەموو سیمایەکی ئامانجداریان تێدا کوشت.

ئەم جەنگە هاوبەشانە دەستپێکی خۆکوژی بە کۆمەڵی ( خێڵێك دواتر گەلێك) ی لێکەوتەوە, هەرچەندە پارتی بۆ خۆی هاشا لەوە دەکات, لەو شەڕە ((حاجی ئۆمەران )) بەشدار بوو بێت و پێش بە سوپای پاسداران کەوتبێت و چاوساغی بۆیان کردبێت بە درێژی دێینە سەری, بەڵام بۆ خۆی تاوانەکە بەو بەهانەیەو بەو ناوەوە ئەنجامدراو لەژێر ئەو کارە خۆی شاردەوە, بەعس تاوانبارە, چونکە هیچ بەهانەیەك بۆ ئەنجامدانی تاوان قەبوڵ نییە, لێ ڕەتکردنەوەکانی پارتیش لاوازە, لە بەرامبەردا زۆر ئەزموون وەرنەگرتن لە تاوانی جینۆسایدی بارزانییەکان سەرچاوە ئاماژە دەدەن بەوەی ئەو کارە سەربازییە هاوبەشە بەرفراوانە ئەنجامدراوە, تاڵی لەوەدایە هەمان پارتی سیاسی دوای 3 ساڵ لەو کارەساتەی هاشا لە ڕۆڵی خۆی دەکات تیایدا, دێت هەمان تاکتیك جارێکی تر هەڵدەبژێرێتەوە و پیادەی دەکاتەوە, جارێکی دیکە بە ئاشکرا بە شێوەی بەرفاوانتر و بەربلاوتر و ئاشکراتر و بەبەرچاوی خەڵکی کوردستانەوە دووبارەی دەکاتەوە" پارتی لە فەتحی سێ لە هێرش بۆ سەر گەراجی نەوتی زاخۆ و فەتحی هەشت لە ناوچەی ئەتروش بە تەنها دوبارەی کردەوە, لە هەڵەبجەش هاوبەشیکرد لە ئۆپەراسیۆنەکانی فەجری 10 و زەفەری 7", ئەگەر پێشتر ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان وەك فەجری دوو لە سەرسنوورەکان بوو, ئێستا لە ناو شارەکان و خەڵکی کوردستانە, پاسدار بە ئاشکرا لە گوندەکان دەسوڕانەوە, ئەزموون لە فەجری دوو وەرناگرێت, فەجری 10 دوبارە دەکاتەوە؟؟, هەرچەندە لە دوا ساتەکانی نزیك لە هێرشەکە" هەڵەبجە" ناڕەزایەتی لە نێو سەرکردایەتی پارتیدا بەرز بوەوە, لە ترسی دوبارە بونەوەی روداوەکەی حاجی هۆمەران و کارەساتی بارزانییەکان, وەلێ هەر کراو بوونە برا بچوك لە شەراکەتەکە"کۆمەڵکوژی کورد لە جەنگی ئێران -عێراقدا, عادیل سدیق عەلی, ل260-261 .".

دەبینین ئەزموون لە دڕندانەترین پەرچەکرداری تا ئەو دەمی ڕژێم وەرناگرترێت بەرامبەر بە گەلەکەی تەنانەت کەسە نزیکەکانی سەرۆکەکانی قوربانی بوون, لە داهاتوو دێت زنجیرەیەك چالاکی سەربازی هاوبەش, لەگەڵ هێزەکانی ئێرانی دژ بە سوپای عێراق بە ئاشکرا و لە قولایی وڵاتدا لە زاخۆوە بۆ هەڵەبجە ئەنجام دەداتەوە, بە درێژایی 459 کم, بەم کارەشیان بوونە پۆلیسی ئیران لە کوردستان, وەلێ مەخفەرەکەیان لە ئێران بوو, لەو دیوەوە نەخشەیان بۆ دادەڕێژرا, لەم دیو کوردیان دەکردە سوتەمەنی نەخشەکانیان, بەم شێوەیە بەشداربووانی شەڕە هاوبەشەکان هەموویان بەشدارن لە مێژوویەکی هاوبەش لێ هەتیوی بێ باوك تا ئێستا دانی پێدا نانێن.

بۆچی حاجی ئۆمەران هەڵبژێردرا ؟؟؟

ئۆپەراسیۆنی حاجی ئۆمەران بۆ هەریەکە لە پارتی دیموکراتی کوردستان و کۆماری ئیسلامی ئێران گرنگی تایبەتی خۆی هەبوو, بۆ ئێرانیەکان لە پاڵ سەرکەوتنە سەربازییەکە بەسەر عێراقدا, هاوکات دەروازەیەکیش بوو بۆ ئەوەی کوردستان بکاتە بەشێك لە جەنگەکە و بەرەی جەنگەکە بەرفراوان بکاتەوە کە خاوەند هێزێکی زۆری مرۆیی بوو, بەرفراوانکردنەوەی بەرەی جەنگ لە بەرژەوەندی بوو, هاوکات دەیانویست لە ڕێگەی ئەم ئۆپەراسیۆنەوە بەسەر نەیارەکانیدا لە هێزە کوردییە ڕۆژهەڵاتیەکان سەرکەوێت, کە بارەگاکانیان لەو ناوچانە بوو, ناوچەیەکی بەرزایی ستراتیژی دەیتوانی لەوێوە جوڵەی هێزەکانی دیموکرات و کۆمەڵە لە ناوچەکانی پیرنشار و شنۆو .... کۆنترۆڵ بکات و بارەگاکانی پشت بەرەیان پێ چۆڵ بکات و سنووری چالاکیەکانیان بەرتەسك بکاتەوە,کەواتە بۆ ئێران سەرکەوتنەکە دوولایەنە بوو هەم بەسەر عێراق و هەم بەسەر کورددا. هاوزەمان ئێران پێویستی بەسەرکەوتنێکی لەم چەشنە هەبوو, کە 104 ڕۆژ لەوە پێش لە 10ی ئەپرێلی 2003, لە فەجری یەکدا لەناوچەی دیزفول تووشی تێکشکانێکی کەمەر شکێن ببووەوە لە هەمبەر هێزەکانی عێراق, زیانە مرۆییەکانی سێ هێندەی زیانەکانی سوپای عێراق بوو, چوو بۆ سەرکەوتن تا بەسرا لە بەغدا

دابپڕێت, کەچی نە یا الله ی دەستپێکی شەڕەکە و نە تەم و تومانی ئەو بهارەی زەلکاوەکانی عەمارە فریای نەکەوت, فڕۆکە مەرگ هێنەرەکانی عێراق درەوی سوپاکەیان کرد لەو بیابان و زەنکاوە پان و بەرینە, فەجری یەك بووە یەکێك لە گەورەترین شکستەکانی سوپای ئێران لەماوەی 8 ساڵەی شەڕی عێراق ئێراندا.

ئامانجی فەجری 2 بۆ ئێرانیەکان وەك خۆیان ئاماژەی پێ دەدەن لەم خاڵانەدا خۆی دەبینێتەوە: " لێدانی دژ بە شۆرش" حدکا", 2- بەهێز کردنی کوردە موسڵمانەکانی عێراق وەك خۆیان دەڵێن, مەبەستی هاوکارانی لە هێزە کوردییەکان لەو کاتدا کە پارتی دیموکراتی کوردستانە, 3-زەمینە خۆشکردن بۆ ئەنجامدانی شەر لەناو خاکی عێراق, 4- پاراستنی شاری پیرانشار لە هەر جۆرە پەلامارێك, 5-خۆشکردنی زەمینە بۆ لێدانی چاڵە نەوتیەکانی کەرکووك " مروری بر عملیات والفجر ۲

https://www.magiran.com/article/1156413 , لە هەمووشی گرنگتر بۆ ئەو چرکە ساتە سارێژکردنەوەی برینی شکستی فەجری یەك بوو, لە پێناو بەرز کردنەوەی وەرەی سوپا شکست خواردووەکەی.

ئێران چی دەڵێت لەسەر بەشدار بووانی فەجری دوو؟؟؟

پەلامارە دوو هەفتەییەکەی فەجری دوو پێویستی کۆماری ئیسلامی بوو, بۆ کۆتایی هاتنی هاتووچۆی پێشمەرگەکانی کۆمەڵەو دیموکرات بۆ ناوەوەی رۆژهەلاتی کوردستان و تۆڵەکردنەوەی شکستی فەجری یەك و شکستی پەلامارەکانی باشووری عێراق و بەرینکردنەوەی بەرەی جەنگ.

بۆ ئاگاداربوون بزانین چی لەسەر ئەم ئۆپەراسیۆنە نووسراوەو چۆن بووەو زەرەرو زیانەکانیان چەند بووە, وە رۆڵی پارتی و قەبارەی هێزەکەی چەند بووە لە ئۆپەراسیۆنەکە, ئەوەی لە حاجی ئۆمەران ئێران کردویەتی لە داگیرکردن و گۆڕینی ناوی شوێنەکان دواتر لە هەڵەبجەش دووبارەی کردۆتەوە:

پێشتر  شەڕ و پێکدادان لەنێوان هێزەکانی عێراق و ئێران لە بەرەی باشوور بەرەو چەقبەستوویی رۆیی, ئێران نەیتوانی هیچ دەستکەوتێکی سەربازی بە دەست بهێنێت. هێزەکانی ئێران چەندین جار هێرشی شەپۆلی مرۆییان لە زەلکاوەکان  و بیابانەکانی باشوور ئەنجامدا، وەلێ هێزەکانی عێراق شکستیان بە هەموو شەپۆلە مرۆییەکانی ئێران هێنا, کە ئێران لەو سەرو بەندە ژمارەی دانیشتووانی سێ جار ژمارەی دانیشتووانی عێراق زیاتریش بوو,  بەلام پارتی دەرگایەکی گرنگی سەربازی بۆ ئێران بەڵام ماڵوێرانکەر بۆ خەڵکی کوردستان کردەوە , دەرفەتی گواستنەوەی جەنگی بۆ کوردستان خۆش کرد و زەمینەی ساز کرد, ئێران بێ شەپۆڵی مرۆیی و تەقاندنەوەی کێڵگە بەرینەکانی مین سنوورەکان ببڕێت و بێتە ناو عێراقەوە.

ئامانجی سەرەکی ئەم ئەرکە دەستپێکی میحوەری حاج عومران بوو کە لەسەر سنوور هەڵکەوتووە و بە زەوییەکی شاخاوی دەورە دراوە. پێشمەرگەکانی  پارتی دیموکراتی کوردستانی عێراق بە لە بەرچاوگرتنی شارەزاییان لە ناوچەکەو پەیوەندییان لە گەڵ خەڵکەکەی  سەرمایەیەکی گەورەیان بۆ ئێرانییە هێرش بەرەکان دروست کردو توانیان بیان بەنە پشت بەرەی عێراقییەکانەوە.

لە میانی ئۆپەراسیۆنەکە ئێران 284 کوژراوو 487 بریندار و 134 بێسەرو شوێنی هەبوو, وێرای زیانی مادی.  بەڵام  عێراق زیانەکانی زیاتر بوو "4000 کوژراو یان بریندار , 164  دیل, هاوکات  5 فرۆکەی جەنگی و 8 کۆپتەری بەردرانەوە,  40 تانك  45  ئۆتۆمۆبیلی سەربازی  تێك شکێنراون , وە 20 تانك و  12 تۆپ  و 50 ئۆتۆمۆبیلی سەربازی و دەیان پارچە چەکی دی دەستکەوتی هێزەکانی  کۆماری ئیسلامی بوونە.

https://en.wikipedia.org/wiki/Operation_Dawn_2#cite_note-2

زۆربەی سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەدەن کە فەجری دوو   هێزی چەکداری کۆماری ئیسلامی ئێران و پارتی دیموکراتی کوردستان بە هاوبەشی ئەنجامیان داوە لە رێکەوتی 20-7-1973  تا 4-8-1983, تیایدا 390 کیلۆمەتر چوارگۆشە لە خاکی عێراق داگیر کرا, لەم ئۆپەراسیۆنەکە 1000 پێشمەرگەی پارتی بەشداری کردووە:

https://en.wikipedia.org/wiki/Operation_Dawn_2

"هێزەکانی ئێران لە رێگای چاوساغەکانیەوە دزەی کردە ناو عێراقەوە بە قوڵایی 16 کیلۆمەتر و دەستی بەسەر زۆر چیا و سەربازگەو 43 گونددا گرت, لەناویاندا بارەگای سەرکردایەتی حدکا, بە پێی بۆچون ئێرانییەکان ناوچەکە لە روی ستراتیجیەوە گرنگی نەبوو, بەڵام ئۆپۆزسیۆنی کوردی رۆژهەڵاتی لاواز کرد, هاوکات لەو ناوچەیە حکومەتی عێراقی لە دەربەدەری دامەزراند, بەدوای ئەم شەڕە دوو روداو رویاندا, رێکەوتنی عێراق لە گەڵ تورکیاو واژۆکردنی پەیمانی ئەمنی هاوبەش, رێکەوتنی ی ن ك لە گەڵ بەغدا-

http://www.moqatel.com/openshare/Behoth/Siasia2/IranIraqAr/sec14.doc_cvt.htm

"لە 29ی تیرماهی 1362 "1983-7-20" لە میحوەری پیرانشار-حاجی ئۆمەران لە لایەن هێزە چەکدارەکانی ئێران و هێزەکانی کوردی عێراقەوە هێرش ئەنجامدرا, بە دروشمی یا ئەڵا , یا ئەڵا, یا ئەڵا و بەناوی فەجری 2, لە ژێر سەرکردایەتیەکی هاوبەشدا, لە ئەنجامی شەڕەکە سەربازگەی تەمەر چین و سەربازگەی حاجی ئۆمەران, گومرگی سنور, وە چەندین چیای بەرزی وەك کۆدۆ 3000 مەتری و گردمەند2519 مەتری و ئازادی 3700 مەتری و چەندین شارە دێی وەك رایات و ئازادی و زینیوێ و , مەمی خەلان و .... دەستیان بەسەردا گیرا . لە ئۆپەراسیۆنەکە 24 گوردانی هاوبەش پاسدارو سوپا لە بەرەی ئێرانەوە بەشدارییان کرد, کە 17یان لە هەرێمی فارسەوە هاتبوون-

https://what.sapp.ir/emtedad_fars/1532093192345b36c2bcDOEc-%D8%AE%D8%A7%D9%86%D9%87-%D8%B4%D8%B1%DB%8C%D8%AD-%D8%A8%D8%B1%D8%A7%DB%8C-%D9%86%D9%85%DB%8C-%D9%86%DA%AF%D8%A7%D9%87".

"فەجری 2 ناوی ئەو شەڕە هاوبەشەیە, کە هێزەکانی ئێران بە هاوکاری کوردەکانی عێراق" لەوکاتە هەر پدك بوو"ئەنجامیاندا, تیایدا توانرا بەرزاییەکانی 2519, 2120, 1970,2062 و 80 رەبایە, 200 کیلۆمەتر چوار گۆشەو 60 تانك و 150 زرێپۆش بگرترێت و هاوکات

بووە هۆی 4000 کوژراوو بریندراری عێراقی, 510 دیل و خستنە خوارەوەی 9 فرۆکەو زیانێکی زۆری مادی دی بە سوپای عێراقی گەیشت..

هێرشی دوو هەفتەیی ئێران و پارتی دیموکرات بۆسەر ناوچەی حاجی ئۆمەران لە 20ی تەموز و گرتنی هەردوو چیای کۆدۆ و گردە مەندیل و ئازادی و کۆمەڵێك چیای بەرزی دیکە، هەروەها ناوچەکانی شیوەڕەش، ماوەتان، حاجی ئۆمەران، خەلان، زینوێ، ئالانە، ئازادی، بابکراوە، رایات، رەشەمێ، گوندە ژێر و گەلە ژێرو بەشێوەی گشتی ئێران 43 گوند و شارە گوندی داگیرکرد. لە هێرشی هاوبەشی سوپای ئێرانی و کوردەکان, 390 کیلۆمەتر دووجار لەخاکی عێراق ئازاد کراوە https://fa.wikipedia.org/wiki/%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA_%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1_%DB%B2".

فەجری دوو نەك نەبووە دابینکردنی ناوچەی نفوز بۆ پارتی, بەڵچکە قازانج سەری مایەی خوارد, بووە کاولکردنی ناوچەکە, تەنها ئێران گۆڵی خۆی کرد.

پاش شکستی ئێران لە فەجری یەك, بانگەشەی ئەوە کرا کە تواناى هێرشی نەماوە, بۆیە ئێران پێویستی بە سەرکەوتنێك هەبوو, بەم ئۆپەراسیۆنە بە دەستی هێنا. لەم ئۆپەراسیۆنە هێزێکی بچووك بەکار هێنرا, زیانی کەم کرا و مسۆگەرکردنی سەرکەوتنی ئۆپەراسیۆنەکە کرا.

لە حاج عۆمران لە سەرەتای شەڕەوە هیچ جموجۆڵێك لەلایەن ئێرانەوە لەم قۆڵەوە نەکرابوو, بەم ئۆپەراسیۆنە ناوچەکە هێنرایە ناو جەنگەوە. پێش هێرشەکە بە 24 کاتژمێر زووتر, دزە کرایە پشت سەنگەرەکانی عێراق, ئەم کارە عێراقییەکانی تووڕە کردو ئەمەی خستە ئەستۆی پارتی.

دوای گرتنی ناوچەکە, ئێرانییەکان سەربازگەی حاجی ئۆمەرانیان ناونا حمزە سید الشهدا و بەرزاییەکانی حاجی ئۆمەرانیشیان گۆڕی بۆ "شەهید سەدر".

لەو کاتە لەتیف نسەیف جاسم، وەزیری ئەوکاتی راگەیاندنی عێراقی رایگەیاند کە زلهێزێکی جیهانی و هەروەها حیزبی شیوعی عێراقی" دروشمی راوەستانی دەست بەجێی جەنگی ئێران و عێراق بوو لەو کاتەدا, یان بەشداری حشع ی لە قەندیلی دووی بە بەشداری لە فەجری دوو زانیووە, یاخود لە خۆیەوە ئەم لێدوانەی داوە, حشع هیچ شەرێکی هاوبەشی لە تەك ئێرانییەکان نەکردووە" لە ئۆپەراسیۆنی فەجر 2 یارمەتی هێزەکانی ئێرانیان داوە. ڕاستەوخۆ دوای سەرکەوتنی ئێران لە ئۆپەراسیۆنەکە، ڕادیۆی لەندەن رایگەیاند کە کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ئەرکێکی لەسەرە بۆ بەکارهێنانی هێز, ئێران ناچار بکەن کۆتایی بە جەنگەکە بهێنێت. هەروەها ڕادیۆی ڕیاز لە سەرچاوە ڕۆژنامەوانییەکانی لە پاریسەوە رایگەیاند تاران بەردەوامە لە کڕینی چەك لە تەلئەبیب بۆ درێژەدان بە جەنگ.

https://www.hamshahrionline.ir/news/1430/%D8%A2%D8%B4%D9%86%D8%A7%DB%8C%DB%8C-%D8%A8%D8%A7-%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-%DB%B2

بەم شێوەیە بینیمان فەجری دوو کاردانەوەی جیهانی بوو, بەمەش پارتی بە دەستی خۆی بەنزینی کرد بەسەر خۆی و گەلدا.

ئۆپەراسیۆنەکە کاتژمێر 12ی شەو بە دروشمی "یا الله یا الله یا الله" دەستی پێکرد, لەم ئۆپەراسیۆنەدا ١٦ کەتیبەی سوپای پاسداران و شەش کەتیبەی پیادە و یەك کەتیبەی میکانیکی سوپا بەشدارییان کرد. لە میانی ئۆپەراسیۆنەکە حوجەتول ئیسلام مستەفا ڕادانی پوورو زەبیحوڵلا ئەسیزادە فەرماندەی لیوای ١٨ی غەدیر کوژران:

https://www.imna.ir/news/589467/%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-%DB%B2-%D8%B6%D8%B1%D8%A8%D9%87-%D9%85%D9%87%D9%84%DA%A9-%D8%A8%D9%87-%DA%AF%D8%B1%D9%88%D9%87%DA%A9-%D9%87%D8%A7%DB%8C-%D8%B6%D8%AF%D8%A7%D9%86%D9%82%D9%84%D8%A7%D8%A8

بەشێك لە هێزەکانی ئێران ٢٤ کاتژمێر پێش دەستپێکردنی ئۆپەراسیۆنەکە جوڵەیان کردە پشت هێزەکانی عێراقەوە. لە جەنگەکە هێزەکانی ئێران پێك هاتبوون بوون لە 24 کەتیبەی پیادە و میکانیکی, وە هێزەکانی عێراق بریتی

بوون له ٣٦ كەتیبەی پیادە و کۆماندۆ. ژمارەی کوژراوەکانی عێراق لە ئۆپەراسیۆنەکە ٤١٦٤ کەس بوو:

http://www.aviny.com/Occasion/enghelab_jang/defaemoghaddas/93/amaliat/zamini/valfajr-2/valfajr.aspx?%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-2

http://www.aviny.com/Occasion/enghelab_jang/defaemoghaddas/93/amaliat/zamini/valfajr-2/valfajr.aspx?%D8%B9%D9%85%D9%84%DB%8C%D8%A7%D8%AA-%D9%88%D8%A7%D9%84%D9%81%D8%AC%D8%B1-2

لە تۆڵەی ئەم هێرشە هاوبەشە, سەرباری ئەوەی 5 رۆژ مابوو ئۆپەراسیۆنەکە کۆتایی بێت, بەعس کەوتە بێسەروشێنکرردنی بارزانییەکانی قوشتەپە, هاوکات دەرگای جەهنەمی بەکارهێنانی چەکی کیمیاویشی بۆ یەکەمجار لە کوردستان کردەوە"بە گازی خەردەل 100 کەس لە سوپای ئێران و کوردە هاوپەیمانەکانی پێوە بوون, بە هۆی بێ ئەزموونییەوە گازی کیمیاوی سوپای عێراقیشی لە مەرگ بێبەری نەکرد -

https://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%A8%D8%B1%D9%86%D8%A7%D9%85%D8%AC_%D8%A7%D9%84%D8%B9%D8%B1%D8%A7%D9%82_%D9%84%D9%84%D8%A3%D8%B3%D9%84%D8%AD%D8%A9_%D8%A7%D9%84%D9%83%D9%8A%D9%85%D8%A7%D9%88%D9%8A%D8%A9 ."

ئەنجامی ئۆپەراسیۆنی فەجری دوو

ئۆپەراسیۆنەکە بۆ ئێرانییەکان لە 20ی یۆلی 1983 و بۆ عێراقییەکان لە 22ی یۆلی 1983 دەستی پێکردووە, پارتی چاوساغی بۆ هێزەکانی ئێران کردووەو دەستی سوپای ئێرانی راکێشاوەتە پشت سەنگەرەکانی عێراقەوە بە قولایی 16 کیلۆمەتر, بەهۆی جەنگەکەوە 43 شارۆچکەو گوند وێران بووەو کراونەتە گۆڕەپانی جەنگ, 200 بۆ 390 کیلۆمەتر چوارگۆشە خاك لە لایەن ئێرانەوە داگیرکراوە.

کۆماری ئیسلامی لە یەکەم چرکەی هاتنە ناوەوەی دەستی کردووە بە گۆڕینی ناوی شوێنەکان کە بەعس ئەوەی نەکرد لە رابردوو. ئامانجێکی جەنگەکە لێدانی کۆمەڵەو دیموکرات بوو لە ناوچەکە کە لەو کات و ساتە دوژمنی هاوبەشی ئێران و پارتی بوون, بارەگاکانیان هێنابووە ئەم دیو سنوور و لەوپەڕی چالاکی سەربازی خۆیاندا بوون.

لە جەرگەی ئۆپەراسیۆنەکە بەعسی فاشی کەوتە شوێنبزر کردنی هاوولاتییە سڤیلە بارزانییەکانی قوشتەپە و بەحرکەو ...... . پارتی دیموکراتی کوردستان بە هێزێکی هەزار کەسییەوە بەشداری ئۆپەراسیۆنەکەی کردووە.

دوای فەجری دوو, ئێرانییەکان دوو ئۆپەراسیۆنی دیکەیان لە هەمان ناوچە ئەنجام دایەوە, کەربەلای 2 لە دوی سەپتەمبەری 1986, وە کەربەلای 7 لە رێکەوتی 4ی ئازاری 1987, لێ لەبەر ئەوەی هێزی کوردی نەگلابوونە ئۆپەراسیۆنەکەوە بۆیە بەعس کاردانەوەی نەبوو بەرامبەر بە خەڵك.

بۆ زانیاریش هیچ ئۆپەراسیۆنێك هاوبەش یان تەنهای ئێرانییەکان لە کوردستان, ناوی کوردی یان ناوی جێگاو شارێکی کوردستانی هەڵنەگرتووە.

لە کۆتادا بۆمان دەردەکەوێت پارتە بەشداربووەکانی ئۆپەراسیۆنە هاوبەشەکان لەگەڵ ئێران لای چەوتی مێژوویان گرتووە لەو کاتە, بۆیە پێویستە دان بە هەڵەکانی خۆیان بنێن و زانیاری تەواو بدەنە خەڵکی و داوای لێبوردن لە خەڵك بکەن و لە سامانی سەرکردەو پارتەکانیان قەرەبووی هاولاتیانی ئەو ناوچانە بکەنەوە.

ماویەتی